# ماینی چل جوانوو
# (ئەفسانەی لادێ نشینانی کرماشان)

**مەنسوور یاقووتی**
**لە فارسییەوە: سەلاح نیساری**
**(بۆکان)**

مەنسوور یاقووتی ڕۆمانnووسی ناوداری کورد، فارسی نووسی دانیشتووی شاری کرماشان، بێ گومان بۆ هەموو خوێنەرێکی کورد و فارس ناوێکی ناسراو و ئاشنایە. مەنسوور یاقووتی پتر لە نیو سەدەیە بە قەڵەمی بەهێز و بەپێزی لە بواری ئەدەبیدا خزمەتێکی شایان و بەر چاوی بە ئەدەبیاتی فارس کردووە و کتێبخانەی ئێران و کوردستانی بە بەرهەمی بە پێزی ڕازاوەتر کردووە.

ئەوکەسانەی شنە ئاسا بەسەر گوڵجاڕی نووسراوەکانی یاقووتیدا کەروێشکەیان کردبێت، باش دەزانن ناوەڕۆک و کاکڵەی سەرلەبەری بەرهەمەکانی لێوڕێژن لە خۆشی و ناخۆشییەکانی میللەتی کورد و مافوورە و دەست کردی ئەو مامۆستا دەست ڕەنگینە ئیلمە بە ئیلمە و گۆل بە گۆلی لەسەر تانوپۆی ئەو کرە نەخشینە دیمەنێکە لە ئازار و ژان و موعاناتی ئەو گەلە چەوساوە و بندەستە، وەختێ لە خوێندنەوەی ڕۆمانی «چرایەک بەسەر ماین چیاوە، ئەفسانەی سیرەنگ، دێنشینان، پاجووش، سەیوانی هەتاو، گوڵخاس، ساڵی کۆرپە...» دەبییەوە، بەحەق بۆت دەردەکەوێ ئەو قەڵەمە توانییەتی شان لە شانی نووسەرانی وەک «چیخۆف، دووراس، ئیرنست هەمینگوای» بدات، لە وڵاتی ئێراندا ئەگەر نووسراوەکانی بەرانبەری نەکات لەگەڵ نووسینەکانی «مەحمود دەوڵەت ئابادی، ئەحمەدی مەحموود، سیمین دانشوەر، عەلی محەمەد ئەفغانی، سادق چوبەک، لاری کرماشانی، هوشەنگ مراد کرمانی، غولام حوسێن ساعدی و سەمەد بێهرەنگی...» ئەوە کەمتر نییە و فارسەکان باوەڕیان وایە مەنسوور یاقووتی چیخۆڤی دووەمە لە ئێراندا.

«ئیحسانی تەبەری»بیرمەند و مێژووزان و کەسایەتی ناوداری ئێرانی لە نامەیەکدا کە بۆ یاقووتی دەنووسێ، دەڵێ: خۆزگە بۆ ماوەیەک تەمەن لێم نە دەتۆرا و ئەوندەی مۆڵەت دەدامێ هەروەک «چرایەک بەسەر ماین چیاوە»م خوێندەوە بمتوانیبایە بە دڵی خۆم سەیر و سەفەرێک بە نێو دنیای بەرهەمەکانتدا بکەم.»

مەنسوور یاقووتی بێجگە لە



نووسینی چەندین ڕۆمان و نۆڤێل و کۆچیرۆک، زۆر وتاری بە پێزی لەسەر بەرهەمەکانی ڕۆماننووس و سینەماکاری ئێرانی، مەسعود کیمیایی نووسیوە و کارەکانی نووسەری ناوداری کرماشانی، عەلی محەمەد ئەفغانی و لاری کرماشانی شەنوکەو کردووە و چەندین نامیلکەی جوانی بۆ زارۆکان نووسیوە و گولبژەی خستووەتە سەر لێوی منداڵان.

لەو بەرهەمە تازەیدا زەحمەتێکی زۆری کێشاوە و شەونخوونی دیوە بۆ کۆکردنەوەی ئەفسانە کوردییەکانی ناوچەی کرماشان و ئیلام و خانەقین و کرێند و سونقوڕ و هەرسین و ماهی دەشت و...، ئەو سەربردە و نەقڵ و نەزیلە و چیرۆکانەی لەزمان باب و باپیرانەوە سنگ بەسنگ هاتوون، کۆی کردوونەتەوە و کۆپەڕێکی جوانکیلەی ڕازاندووەتەوە و لەمردن پاراستوونی، بەڵام بە زمانی فارسی.

هەروەک ئاشکرایە هەموو گەل و مللەتێک بە کولتوور و زمان و هونەرەکەیەوە دەناسرێت. بەر لە مەنسوور یاقووتی، سادق هیدایەت نووسەری بە ناوبانگی ئێرانی وەختی خۆی هەوڵێکی زۆری دا و بەشێکی زۆری لە ئەفسانە و نەقڵ و نەزیلەی گەلانی ئێرانی وەخڕ کرد و زۆری دیکەش بە دوای ئەودا بەرکۆش بەرکۆش لەباغی ئەفسانە و فۆلکلۆردا گوڵوشەیان چنی، هەروەک سەمەد بێهرەنگی و عەلی ئەشرەفی دەروێشیان و...

ئەم جارەش مەنسوور یاقووتی، ئەو ئەرکەی وەئەستۆ گرت و بەرامەی گوڵی زەرد و سووری کولتوور و نەقڵ و نەزیلەی دێنشینانی دەڤەری کرماشانی لە بەرۆکی کتێبخانەی گەلەکەی پژاند. ئەوە منیش قۆڵم لێ هەڵماڵی و هەروەک ئەفسانەکانی (سەمەد بێهرەنگی)م کردووە بە کوردی، ئەم کۆپەڕەشم هێناوەتەوە سەر زمانی دایکی و بەو هیوایە بتوانم بەو بەرامە خۆشە بیر و هەستی خوێنەری کوردی تیفتیفە بدەم. خوێنەری زێدەئازیز، هەموو گەلان بەشی خۆیان سەربردە و چیرۆکی خۆیان هەیە و ئەو نەقڵ و نەزیلانە خەزێنەی هەرمانی هەر گەل و میللەتێکە و نرخ و بایەخ هیچ شتێک بارتەقایی ناکات. ئێمەش وەک میللەتی کورد خاوەنی ناسنامە و فەرهەنگ و دیرۆکی خۆمانین، پێویستە هەر هەموومان ئەو کولتوورە بەنرخەمان بپارێزین، ئەفسانە و فۆلکلۆر لە بەرینانەوە زادەی هزر و بیری خەڵکانێک بووە لە سەر ئەو بەژە ژیاون. هەر کەسێک هاتووە قۆڵی لێ هەڵماڵیوە و خزمەتی ئەو باغەی کردووە و چل و چێوی لێ هەڵوەژاردووە و پەرژینی بۆ داناوە و بژاری کردووە، ئەگەرچی عومری گوڵ کورتە، بەڵام بەرامە و جوانی قەت لەبیر ناچێتەوە. هەروەک ماڵ بەبێ کچ گولدانێکە بەبێ گوڵ، یان ژیان بەبێ گۆرانی و مۆسیقا بەهارێکە وشک و کاتۆر. گەلانیش بە بێ دیرۆک و کولتوور مردوویەکی بێ ناوونیشانن. کەوابێ خۆشی لەدڵی ئەو گەلانەی پارێزەری زمان و دیرۆک و کولتووری خۆیانن. لەبەر ئەوەی باغی گوڵ قەت وێران نابێ مەگەر ئەو ڕۆژەی ڕەشەبای ژیان کوژ پێی وەربێت.

خوێنەری هێژا، ئەگەر دەستی پێمێردەی گیان ئەستێ جارێ بەر بینم پێنەگرێت بە وەرگێڕانی تەواوی بەرهەمەکانی مەنسوور یاقووتی لە فارسییەوە بۆ کوردی، باغی گوڵ بە گوڵ پەرژین دەکەم و کتێبخانەی کوردی پێ دەڕازێنمەوە، ئەمەش چیرۆکێک لە ئەفسانەی دێنشینانی کرماشان:

## ماری

لە سەردەم و حەیامێدا، پاشای وڵاتێک ڕۆژ بە ڕۆژ سوورایی لە ڕوخساری تۆرا و کزی و لاوازی و ڕەنگ زەردی لەسەر جەستەی نیشتەوە. شانی دادەخزی و باریک بنێس، چاوەکانی بە قووڵدا چوون. حەکیمی تایبەتی شا هەرچەندی کردی و کۆشا، چارەی دەردی خاوەن شکۆی نەزانی و لە حاند بەرێزیان سەری شەرمەزاری بەردایەوە. پەنایان بۆ پزیشکانی دەوروبەر برد و ئەوانیش هیچیان بۆ نەکرا. پاشا بە ئاستەم هێزی لەبەردا مابوو، خۆی بەسەر پێوە نەدەگرت و ئەژنۆی دەلەرزین. باسی نەخۆشی پاشا بە چوار قوڕنەی وڵاتدا بڵاو بووەوە، تا ئەوەی ڕۆژێک پیرەمێردێکی مووسایی هات و بە پاشای گوت:

«ڕازی ئەو نەخۆشینەی تۆ پێدەزانم و نابێ کەس لە بەیندا بێت.»

بەدەستووری شا وەزیر و گزیر

چوونه دەرێ و پاشا مایەوە لەگەڵ مووسایی. پیرەمێرد گوتی: «گیانی پاشا لە بەڵا دووربێت، خاوەن شکۆ، هاوژینی تۆ سوجەمارە و لە پێستی ئادەمیدایە!»

پاشا بە واق ورمانێکەوە گوتی: «ئەی مووسایی چۆنت بڕوا پێ بکەم؟»

پیرەمێردی مووسایی گوتی: «بەبێ ئەوەی کەسێک پێ بزانێ، ئەم شەو چێشتەکەی بۆ سوێر خوێ بکە، ماری لە نیوە شەودا تینوویەتی زۆری بۆ دەهێنێ و دەچێتەوە قاوغەکەی خۆی و بۆ ئاو خواردنەوە دەخزێ بۆ سەر کانی و بین بە ئاوەکەوە دەنێت.»

شەوێ بەبێ ئەوەی مارییایی شاژن ئاگای لێ بێت، پاشا خواردنی شاژنی سوێر کرد، پاشا بە ئەنقەست خۆی کردە خەو، شەوگار شەق بوو، تینوویەتی حەجمانی لە شاژن هەڵگرت. ناچار کەژی دەبەر کردەوە و بووەوە بە مار و چووەوە سەر دۆخی دایی و بابی خۆی. تازە تاق تاق کەرە دمی وێک نابوو، لە کەلەبەری درگاکەوە خزی و دوایی ماوەیەک گەیشتە سەر کانی و ئاوەکە و دەمی لە کانی ژەنی. پاشا لەو ماوەیەدا، لە پەنجەرەی قەڵاکەوە چاوی لە هەموو جووڵەیەکی خێزانەکەی هەبوو. دەیزانی تینوویەتی ئارامی لەبەر هەڵگرتووە. پێش ئەوەی مار وەگەڕێت پاشا خۆی کردەوە بە بن لێفەدا و هەروەک پێشوو خۆی کردەوە خەو. ماریا، یان مریەم، یان مارەکە، هاتەوە ژوورێ و هەروەک جاری جاران بووەوە بە شاژنێکی شۆخ و خۆی کردەوە بە ژێر پێخەفەکەدا. لەو کاتەدا پاشا شەڵاڵی ئارەقە بوو. لە دڵی خۆیدا گوتی: «من هەمیشە لەو ژنە زەنین بووم»!

* * *

پێش ئەوەی تیشکی خۆر سەران بئەنگێوێ، ژنان بۆ نانکردن تەندووریان داخست. خاوەن شکۆ وەختێ سەیری کرد، تەندوور نێڵەی دێت. دەستووری دا بێجگە لە شاژن کەس لەوێ نەمێنێ، پاشا دەرفەتی لە ماریا هێنا و لە تەندووری هاویشت و بە سێڵێک سەری نایەوە و چووە دەرێ.

وەختێ تیری گێڕ و نانکەر هاتنەوە و سەری تەندووریان لابرد، چ ببینن؟ تەندوور پڕپڕە لە ئاڵتوون و زێڕی سوو...!

**سەرچاوە:**

**مادیان چهل کره، مەنسوور یاقووتی، ساڵی چاپ: ١٣٩١، نشر ئامە.**